هۆنراوە

# شاییەکی نهێنی!



مارف عومەر گوڵ

٢٠١٥

هۆنراوە

# شاییەکی نهێنی!

تابلۆی بەرگ و مۆتیڤی هۆنراوەکان
دەستکردی هونەرمەند «ڕێبوار سەعید»ن

هۆنراوە



# شاییەکی نهێنی

مارف عومەر گوڵ

ناوی کتێب: شاییەکی نهێنی
نووسینی: مارف عومەر گوڵ
بابەت: هۆنراوە
مۆتیف: هونەرمەند ڕێبوار سەعید
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی کارۆ - سلێمانی
تیراژ: ٦٠٠ دانە
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم - ٢٠١٥
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نرخ: ٢٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٥٨٤) ی ساڵی ٢٠١٥ ی پێدراوە

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان - ٢٠١٥
لەسەر ئەرکی د. تەها رەسوڵ چاپکراوە

ناونیشان: سلێمانی - کاسۆمۆڵ -بەرامبەر مزگەوتی گەورە - نهۆمی چوارەم

## پێشەکیەکی کۆن و نوێ

شیعر بۆ من دیاریکردنی دوو هەڵوێستە :

١. گوزارشت لە بیرکردنەوەم.

٢. بە گژاچوونەوەی ناکۆکی و کێشەکانی ژیانە. بە تایبەتیش دیاریکردنی هەڵوێستم چ وەکو مرۆڤ یا وەکو کوڕی گەلێکی چەوساوەو نیشتمان دابەشکراو و داگیرکراو.

من لە بنەماڵەیەکی ئاینی و نیشتمان پەروەردا گەورەبووم،دایکم (شوهدیە) ی شێخ رەشید لە شێخەکانی پەڵکانەی نزیك کەرکووك بوو،باوکیشم کوڕی شێخ سەید گوڵی شێخ عارفی هەشەزینی بوو لە ناوچەی سەنگاو. لە دەفتەرێکی دەسنوسی باوکمدا ساڵی لە دایکبونم نوسراوە ١٩٥٤، بەڵام لە ناسنامەی رەسمیمدا نوسراوە ساڵی ١٩٥٦. ئەم دوو ساڵ جیاوازیە هەم سودی هەبوە و هەم زیانیشی هەیە.

زۆر منداڵ بووم دایکم مردووە، دایکی خۆمم زۆر بە منداڵی بینیوە،

ئەوەندەی لە بیرم بێت،هیچ شێوەو سیمایەکم لە خەیاڵدا نیە ؟ تەنانەت وێنەیشی نیە.بە منداڵی نەنکم (سەبیحەخانی مەلا سەید عەبدوڵڵای گەورە دێ) کە من پێم دەوت ((دایە گەورە)) بە خێوی کردووم. دایە گەورەم واتە خێزانی باپیرم کە بە ئەویشم دەوت ((باوە گەورە))،دایە گەورەم خێزانی دووەمی باپیرم بوو لە دوای مردنی دایکی باوکم،چونکە خۆی منداڵی نەدەبوو؟ منیش بێ دایك بووم، سۆزو خۆشەویستی دایکایەتیم هەر ئەو بوو،ئەویش منی بە کوڕی خۆی دەزانی . بۆ نەگبەتی من ئەویش ساڵی ١٩٦٨ کۆچی دوایی کردو، لە رۆژی مردنی دایە گەورەمەوە هەستم بە بێ لانەیی وماڵوێرانی کرد، کەوتمە حاڵەتێکی دەروونی زۆر ناخۆشەوە.

باوکم بە رەنجی شان و کوێرەوەری خوێندنی مەلایەتی لە هەشەزینی وناوچەی سەنگاو وقەرەداغ و قەراج وسلێمانی تەواو کرد،لە سلێمانی لە خزمەتی مامۆستا مەلا رەحیمی پەرخی ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتوە، باوکم مامۆستایەکی شارەزا بوو لە ئاینی ئیسلامدا، پێش مردنی هەموو قورئانی لە بەر بوو. باپیرم پیاوێکی خواپەرست وسەرڕاست و ناسراو بوو.خەڵکی سلێیان لێ دەکردەوە، لە ناو خەڵکیدا خۆشەویست و دیار بوو. هەرگیزلە بیرم ناچێتەوە، زۆرجار دەیووت((شۆربایەکی ماڵەکەی خۆت بخۆ، بەڵام مەبە بە پیاوی بێگانە)) ئەو قسەیە بۆ سەرجەمی بنەماڵەی ئێمە بوو بو بە نەخش، ئێستاش وەکوو وتەیەکی پیرۆز لە گوێمدا دەزرنگێتەوە.

بۆ مێژوو دەیلێم یەکەمجار باوکم بە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر قوتابخانەی لە هەشەزینی کردۆتەوە، لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی رابردو ساڵی ١٩٥٩ و

بە دواوە،باوکم هەوڵێکی زۆری لەگەڵ دایەرەی پەروەردەی کەرکووکدا داوە تا بریاری کردنەوەی قوتابخانەی هەشەزینی بە ئەنجام گەیاندووە. منیش یەکەمجار لە قوتابخانەی هەشەزینی یەوە دەستم بە خوێندن کرد.یەکەم مامۆستام کە فێری خوێندەواری کردم، خوالێخۆش بوو مەلا محەمەد کە خەڵکی لای زەردك و بیبانی بوو، مەلا محەمەد باوکی سەلام بوو، سەلام گەورە بوو، بووبە شاعیرو بە سەلام محەمەد ناسرا، .مامۆستای دووەمم کە فێری دەرس و خوێندەواری کردم مامۆستا ((عەبدوڵلای حاجی مەجید)) وا رێکەوت ئەویش خەڵکی زەردك بوو، کرا بوو بە مامۆستای هەشەزینی، کورێکی لە هەشتاکاندا رژێمی بەعس لە کەرکووك لە سێدارەی دا.

ژیانی منداڵیم لە گوندی هەشەزینی ژیانێکی تایبەتی و خۆش بوو، سەر شینایی وپاسکردنی مەرەزەو ماسی گرتن وسەر درەوو خەلەو خەرمان،گەرماو قرچەی هاوینان،دیمەنی گەڵاو چڵەداری داوەریوی پایزان،بە فرو بارانی زستانان،گەلێ دیمەنی بەهاران، سروشت بە گشتی، نەخشی دیاریان لە ئەندێشەمدا جێ هێشتووە، بە تایبەتی لە شیعرەکانمدا ئەو دیمەنانە دیارن، بە دەستی خۆم نیە، ئێستاش سروشتم لەلا جوانەو بە سەدان خەونم بەو جێگاو شوێنانەوە دیوە کە لە سەرەتای ژیانم دا لێیان ژیاوم.

لە ناوەڕاستی ساڵانی خوێندنی سەرەتاییدا بوو، کە هاتمە کەرکووك ولە ماڵی باوکمدا ژیانم بە سەر برد، خوێندن بۆ من لە کەرکووك زۆر ناخۆش بوو، من منالێك بوم لە لادێوە چوبومە شار،شەرمن و بە ئەدەب، منداڵی شاریش زۆر هارو هاج و خراپ بوون، سەرم سوورِ دەما بۆچی

له قوتابخانەی شاردا ئەو منداڵانە شووشەی پەنجەرەکانیان دەشکاند؟ بۆچی ئاودەستخانەکانیان پیس دەکرد؟ بۆچی شەڕیان دەکرد ؟ بۆچی زمانیان لە مامۆستاکانیان دەردەهێناو جنێویان پێ دەدان ؟ من مامۆستام خۆش دەویست، مەگەر هەندێ مامۆستای نەزان نەبێ کە غەدریان لە منالان دەکرد.

دوو مرۆڤی تر لە کەرکووك نەخشیان لە سەر ژیانم هەبوو،رەنگە خۆیان هەستیان پێ نەکردبێ، ئەمانەن:

١. مامۆستا عەبدولرەحمانی شێخ عزەدینی کانی چنار: ئەو دەمە باوکم دوکانی کوتاڵ فرۆشی هەبوو لە شاری کەرکووك، مامۆستا عەبدولرەحمان زۆربەی ئێواران دەهاتە دوکانەکەو قسەی خۆشی بۆ دەکردین،شیعری شاعیرانی دەخوێندەوە، نوکتەو قسەی جوانی دەگێرایەوە، وای لێ هات من هۆگری ئەو پیاوە بووم، سەیر ئەوە بوو،ئەو هاوڕێی فەقێ یەتی باوکم بوو، بەڵام بە تەمەنێکی گەورە کە خاوەن ژن و ماڵ و منداڵ بوو، تووشی عەشقێکی سەیر بوو، تا ئەندازەی ئەوەی وەکو عاشقێکی سەودا سەر ئاگای لە دەورو بەری خۆی نەمابوو.تە مەنی درێژبێت ئێستا لە کەرکوکە.

٢. ئەحمەد محەمەد عارف : مامۆستا ئەحمەد، لە سەرەتای حەفتاکانەوە قوتابی بەشی کوردی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا بوو، زۆر جار قسەی باشی بۆ دەکردم، شیعری شاعیرانی بۆم دەخوێندەوە، باسی نیشتمان پەروەری لا دەکردم، باسی مامۆستاو قوتابیەکانی بە شی

کوردی بۆ دەکردم. لە کاتی نوسینی ئەم پێشەکی یەدا لە ژیاندابوو، بە داخەوە ساڵی ٢٠١١ کۆچی کرد.

هەشەزینی و کەرکووك، دوو جێگەی پیرۆزن لە ئەندێشەمدا، لە ژیانی مندا. هەشەزینی سەرەتای ژیانمی نەخش کرد، بە هەوای ئازادی ئەوێ، بە ژیانی ساکاری ئەوێ، شەوان لە بەر چرایەکی کزدا، گوێم لە ئیستگە کوردی یەکانی تاران و کرماشان دەگرت، بە رۆژیش زۆر گوێم لە ئیستگەی کوردی بەغدا دەگرت، لەو ئیستگانەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ شیعرو گۆرانی ومۆسیقای کوردیدا پەیدا کرد، هەر لەو رۆژانەوە گۆرانی بوو بە بەشێکی گرنگی ژیانم ؟ بوو بە هونەرێکی جوان و لە سەرتاپای ژیانم نابێتەوە، ئێستاش کە هەراسان دەبم بە گۆرانی ئارام دەبمەوە .

لە کەرکووکیش، یەکەم گۆڤاری کوردی کە خوێندمەوە ؟ ژمارەی یەکەمی گۆڤاری بەیان بوو. یەکەم رۆژنامەش رۆژنامەی ((هاوکاری)) بوو، ئیتر لەو ساوە بەردەوام بووم لە خوێندنەوە، ژیانی تایبەتیم، وەکو مرۆڤێکی کەمدووی لێ کردم، بەڵام دەردە سەری و کێشەی ژیان فێری زۆر ووتنیشی کردم لە هەندێ حاڵەتدا. هەر لەمنداڵیمەوە وا دروست بووم، ئازاری کەسم نەداوە، هەتا ئازاریان نەدابم، بە گژ کەسدا نەچوومەتەوە، بەڵام ئەوەی ئازاری دابم، ئیتر دڵم لێی سارد بۆتەوە، هەر لە هەرزەکاریمەوە، وا راهاتووم وەڵامی تەعلیق و هەندێ قسە نادەمەوە کە بەرانبەرم دەکرێن! زۆر جاریش بەرانبەرەکەم وایزانیوە من لێ ی حاڵی نەبوومە ! لەو تاقیکردنەوەیەوە تێگەیشتم کە مرۆڤی هەلپەرست و دوو روو زۆرن، تەنانەت گەلێجار

((استغلال)) کراوم چونکە ڕێژم لە بەرانبەرەکەم گرتووە، سەیر ئەوەیە ئەو کەسەی منی ((استغلال)) کردووە، لە بەرانبەر خەڵکانی تردا نەیتوانیوە وا بکات. ئەوەم وا لێك داوەتەوە کە زۆر مرۆڤ هەن، ئەگەر جڵەویان بۆ شل بکرێت، چاوی لێدەنووقێنن و گوێ بە ڕەوشت و هەڵوێستی جوامێرانە نادەن. ئێستاش بەم تەمەنە ئەو خووەم هەر هەیە، هەندێ کەس و ئاشنام کە دەزانن من موناقەشەیان ناکەم و زۆر ڕێزیان دەگرم، دەبینم هێدی هێدی لە ئاستی مندا درۆ لەگەڵ خۆیاندا دەکەن و قسەی ناکۆك لەگەڵ هەڵوێستی خۆیاندا دەکەن.منیش کارێکی خراپ دەکەم ولێیان بێدەنگ دەبم، دیارە ئەوانەی وا دەکەن لە جەوهەردا، خراپن، ئەوە حەقیقەتیانە، بەڵام لە ژیانی ڕۆژانەدا بە باش ناسراون، ئەوانە ڕاستگۆ نین.

کەرکووك سروشتی بیرکردنەوەمی دیاری کرد، هەستی نیشتمانیمی بە هێزتر کرد، چونکە بەردەوام لە ژێر چەوساندنەوەیەکی نەتەوەییدا بووین لە کەرکووك، لە دەزگاکانی دەوڵەتدا بە هاووڵاتی ژمارە دوو سەیریان دەکردین، پاڵیان پێوە دەناین، ئیش و کاریان دوا دەخستین، ئیتر ڕژێم لەلای من بوو بە شتێکی ئێسك گران .. شیعر تاکە چەکم بوو بە گژ ئەو بارەدا کە هاوجووتی بکەم لەگەڵ هەڵوێستم دا. ئەو حاڵەتە دەروونیە نا ئاساییەی کە هەر لە مناڵیمەوە بە هۆی بێ دایکیەوە لە گەڵم دا گەورە دەبوو، زیاتر هانی دەدام، بخوێنمەوەو خۆم پێ بگەیەنم، با ئەو چاکەیەم لە بیر نەچێت، هەمیشە باوکم بۆ خوێندن پشتگیری دەکردم، دەیووت ((تا من لە هێزو توانامدا بێ قوسوور ناکەم))، یەکەم جار مەولەویم بە هۆی باوکمەوە

ناسی، باوکم فێری گەلێ هەڵوێستی جوانی کردووم ؟ نیشتمان پەروەری و سەر راستی، داخی گرانم، ساڵی ١٩٩٠ من لە دووره وڵات خەریکی خوێندن بووم، ئەو کۆچی دوایی کرد، پاش ساڵیك هەواڵەکەم پێگەیشت ؟ بێ ئاگابووم نەمدەزانی، کە نامەم بۆ ماڵەوە دەنارد، دەمنوسی، دڵی باوکم رابگرن .

خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کورد، هەڵچوونی تەوژمی بزوتنەوەی کوردایەتی، زۆر کاریان لێ کردم. سەرەتا لە قۆناغی ناوەندی خوێندندا بە پەخشان نووسین دەستم پێکرد، چەند پەخشانێکم لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانی سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردودا بڵاوبوونەتەوە، ئێستا لای خۆیشم نەماون،هەر ئەو سەردەمە وەکو پەیامنێر لە رۆژنامەی (برایەتی) کە لە بەغدا دەردەچو کارم دەکرد . بەناوی ((مارف عومەر بەرزنجی، هیوا بەرزنجی، گلێنە)) گەلێ بابەتی رۆژنامە نوسیم لە رۆژنامەی برایەتی و هاوکاریدا بڵاوکردۆتەوە. لە نزیکەوە نووسەران و شاعیرانی کوردم ناسی و ئاشنایەتیم زیاتر بوو لەگەڵ شیعرو ئەدەبیاتدا. وای لێهات شیعر بوو بە گرنگترین بابەت لە ژیانمدا. لەبەر ئەوەی ناوی من لە نێوان ((عومەر مارف بەرزنجی کە نووسەرێکی ناسراوە، هەروەها مارف بەرزنجی نووسەرو شەهیدا، وون دەبوو))، بریارم دا بەناوی تەواوی خۆمەوە کە دەبێتە مارف عومەر گوڵ، بەرهەمی خۆم بڵاوبکەمەوە، لە ناسنامەی باپیرم و باوکم و خۆیشمدا هەر ((گوڵ)) نوسراوەو سەیدەکەی لابراوە .

لە سەرەتای حەفتاکاندا کە هێشتا قوتابی ناوەندی بووم، شیعری شێرکۆ

بێکەس و لەتیف هەڵمەت و عەبداللە پەشێو، لەگەڵ هەندێ شیعری ڕەفیق سابیردا کاریان لە سەرم هەبوو،ئەو کاتە شیعرم نەدەنووسی بەڵام گاگۆڵکەم دەکرد، سەرم کردبوو بە خوێندنەوەیەکی باشدا، ساڵی ١٩٧٧ هەرکە چوومە زانکۆی بەغدا، لە پۆلی یەکەمی کۆلێژی یاسا بووم،دەستم کرد بە شیعر نووسین وبڵاوکردنەوەیان.پاشتر وا دەبینم ڕێچکەیەکی تایبەتی بە خۆمم گرت و هەوڵم داوە سەربەخۆیی لە شیعرەکاندا هەبن، پێم وایە ناتوانرێت شیعرەکانی من لە ژێر کاریگەری شاعیرێکی دیاریکراودا دەستنیشان بکرێن..

((زریان))ەکەی ئەنوەر قادر محەمەد، خەیاڵێکی شاعیرانەی جوانی لا دروست کردم ! فێری کردم، زیاتر مشتوماڵی زمان بکەم، هەوڵ بدەم زمان وەکو هەویر بشێلم ئەوسا شیعر لە لام ڕەوانترو نەرمتر دەبێ، ناسکترو جوانتر دەبێ، داخی گرانم، وەکو ئەنوەر بە هۆی خوێندنی ئەکادیمیەوە لە شیعردا بەرهەمی لە کزیدا، منیش هەروام بە سەرهات، زیاتریش پێم وایە ئەوانەی ڕوودەکەنە خوێندنی ئەکادیمی، تێڕوانینیان بۆ ژیان دەگۆڕێ و هەوڵ دەدەن لە بوارێکی دیکەدا خزمەت بکەن، لێکۆڵینەوەی زانستی عەقڵێکی جیاوازی لە کەش و هەوای شیعری دەوێت.دیارە مرۆڤ لە یەك کاتدا سەرقاڵی لایەنێکی بەرهەم هێنان بێت زیاتر سەرکەوتوو دەبێت،زۆر جاریش نووسەر بە قۆناغ شێوازی دەربرینی خۆی لە بابەتێکەوە دەگۆڕێ بۆ بابەتێکی دیکە.

لە پۆلی چواری کۆلێژی قانوون بووم لە زانکۆی بەغدا، بە هۆکاری سیاسی

ساڵی ١٩٨٢ لە لایەن دەزگای ئەمنی رژێمەوە گیرام وخرامە زیندانی ئەمنی عامە لە بەغدا. ئازارو لێدانێکی زۆر، رۆژانێکی سەخت و نالە بار، حاڵەتێکی دەروونی ئاڵۆزو، بەردەوام لە ژێرئازارو ئەشکەنجەدا،هەڵواسین و کارەبا لێدان و فەللاقە کردن، ئیتر بووم بە جەستەیەکی دیل و زەلیل و باریکەڵە لە ژێر زەمینێکی شێدارو پیس و رەق و تەقدا،بە ردەوام بە چاو بەستراوی و دەست بە کەلەپچە بە دیوارەوە بە شیشێکەوە قوفڵ درابووم، هەردوو قاچم لە بەر ئەشکەنجە ئاوسابوون، توێخی ژێر پێم چەند جارێك هەڵیدا، ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەی زیندان،هەتا ئێستاش بارێکی تەندروستی خراپی بۆ دروستکردم و لە رووی فیزیکیەوە بێ هێزی کردم. ئەوەی لە زینداندا لە مێشکمدا چەسپی بوو  ئەگەر من لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا بشمرم، نابێت کەس بە هۆی منەوە بگیرێ وبخرێتە زیندانەوە،هەر ئەو بڕیارەش وورەیەکی بەرزی بۆ دروست کردبووم، لە رۆژانی زینداندا بەردەوام بیرم لای ئەو شیعرەی گۆران بوو ((من ئەو دیلەم لە زیندانی تاریکا........)) هەروەها زۆر جار ئەو گۆرانیە فارسیەم بیردەکەوتەوە ((بیا کە با غربت من تو اشنابی......) خۆشبەختانە پێش گرتنم،شیعرەکانی نازم حیکمەتم خوێندبۆوە، بەتاییەتی لە سەر ژیانی نازم حیکمەت کتێبی ((ناظم حکمت، السجن،المرأة،الحیاة)) زۆر کارێکی باشی لە سەرم هەبوو. بەڵام لە روی دەروونیەوە، زۆر سوودم لەو کتێبانەی دکتۆر نوری جەعفەر وەرگرت کە لە سەر بافلۆف (پاڤلەڤ) نوسیی بوونی ئەوانیشم پێش زیندانی کردن خوێندبونەوە. بۆیە لە گەرمەی ساتەکانی هەڵواسین و ئازاردانـدا، بیرم

دەفڕی بۆ دەرەوەی زیندان و هەوڵم دەدا خۆم لە بەر ئەو ئەشکەنجەیە رابگرم و جەستەم لە زیندان و بیرم لەدەرەوە بێت. شیعری ((لاپەڕەیەك لە پەیامی زیندانیەك))،لە ژێرزەمینی ئەمنی عامەی بەغدادا، لە مێشكمدا بوو، لە بەر ئەوەی هەمووکەرەسەو قەڵەم و قاقەزیشم لێ قەدەغە بوو،لە پاش دەرچوونم لە کەرکووك بەو جۆرە دامرشت کە یەکەم جار لە شاخ بەناوی ((دلاوەر محمود))ەوە بڵاوم کردەوەو پاشتریش لە کۆمەڵە شیعری((خۆری زیندان)) دا ساڵی ١٩٨٧ بڵاوکرایەوە. هەندێ شیعری تری ناو ئەو دیوانەم رەنگدانەوەی ژیانی رۆژانی ناو زیندانن. لێرەدا رادەوەستم و بیرەوەریی تاڵ و سەیری ناو زیندان هەڵدەگرم بۆ کات و شوێنێکی دیکە.

کۆمەڵە شیعری ((هێلانەی نوغرۆ)) ساڵی ١٩٨٥ لە بەغدا چاپکرا،لە کاتی چاپکردندا من خۆم قاچاغ بووم، نەمدەتوانی بە ئاشکرا لە شاردا بم،بەڵام چاوقایمیم کردو هەر خۆم گەیاندە بەغدا.لە کاتێکی زۆر خراپدا ئەو کۆمەڵە شیعرە بڵاو کرایەوە، رژێمی عێراق کەوتبۆ پەلاماردانێکی زۆر خراپی خەڵکی شارو دێهاتەکان، شەڕی عێراق. ئێران لە لایەك، شەڕی بەردەوامی کوردو رژێم لە لایەکی ترەوە وەزعێکی ئاڵۆزو خراپیان دروست کردبوو،ئەو کۆمەڵە شیعرەی من لە لای هەندێ کەس دەنگێکی باش بوو، بەڵام لە لایەکی ترەوە،بە بێدەنگی تێپەری وبە کتێبخانەکاندا بڵاو کرایەوە،دەزگاکانی راگەیاندنی ئەو کاتە زیاتر بە هۆکاری سیاسی بێدەنگەیان لێ کردو وەکو هەواڵیش بڵاویان نەکردەوە. زۆری پێ نەچوو خۆم شارم بە یەکجاری بە جێهێشت و رووم کردە شاخ بۆ ناو شۆڕش.

له سەرەتاوە زۆر دڵم بە بزووتنەوەی کوردایەتی خۆش بوو، بەڵام ناکۆکی و ناتەبایی هێزە سیاسیەکانی کوردستان، ئەنجامێکی خراپی نەك لە سەر من، بەڵکو لە سەر زۆر کەسی تر دروست کرد، بۆیە زیاتر شیعر بووە مەبەستم بۆ دەربرینی بیرو لێکدانەوەو هەڵوێستم، لە ئاستی ژیانی خۆم و گەلەکەمدا، تاکو ساڵی ١٩٨٨ بۆ خوێندنی باڵا چوم بۆ دەرەوەی وڵات.

***

شیعرەکانی ئەم دیوانە بەرهەمی رۆژە سەختەکانن، ساڵی ١٩٩٠ – ١٩٩١ ئامادەم کردن بۆ چاپ و ئەو پێشەکیەی پێشەوەم بۆ نوسی، بەڵام رێکنەکەوت و ئیتر (شاییەکی نهێنی) هە ر بە نهێنی مایەوە، بۆ ئەم چاپکردنە تەنها بە و پێشەکیەدا چومەتەوەو ئەم چەند دێڕەم زیاد کردوە . زۆربەی ئەم شیعرانە تاکو ئێستا بڵاو نەکراونەتەوەو، کەوتمە خەمی ئەوەی لەوە زیاتر غەدری من و زەمانە هەڵنەگرن و ئازادیان بکەم. وەك چۆن ئەم شیعرانە هی ئێستا نین، بە هەمان شێوە، زمانی شیعرەکان، وێنە شیعریەکان، دەربڕین، وشەو رەنگوبۆیان، دارشتن و فیکریان، لە ئیستاو دونیای شڵەژاوی ئێستا جیاوازن.

بە پێویستی دەزانم ئەوە رونبکەمەوە کە خۆم قۆناغبەندیم بۆ شیعرەکانم بەمجۆرە کردوە بە پێنج قۆناغ :

١- قۆناغی یەکەم : دیوانی (هێلانەی نوغرۆ)، ساڵی ١٩٨٥ لە بەغدا چاپکراوە.

٢- قۆناغی دووەم : دیوانی (خۆری زیندان)، دوو جار لە ناو شۆڕشدا

چاپكراوه. چاپی یەكەمی بە ناوی (دلاوەر مەحمود)، ساڵی (١٩٨٥) لە چاپخانەی شەهید عەبدولخالیق مەعروف بە زنجیرەی ژمارە (٢١) ی بڵاوكراوەكانی یەكێتی نوسەرانی كوردستان بڵاوكراوەتەوە. چاپی دوەمیشی بە زیادكردنی هەندێك شیعری ترەوە بە ناوی تەواوی خۆمەوە ساڵی (١٩٨٧) لە چاپخانەی شەهید سەیدا ساڵح یوسفی بڵاوكراوەتەوە.

٣- قۆناغی سێیەم : دیوانی (شاییەكی نهێنی)، كە ئەم كۆمەڵە شیعرەیە و دەكەویتە ساڵی ٢٠١٥ – ەوە.

٤- قۆناغی چوارەم : ئەو شیعرانەن كە سەرجەمیان لە دەرەوەی وڵات نوسراون، لە كوتایی ساڵی ١٩٨٨ – ەوە دەستپێدەكات تا كۆتایی ساڵی ١٩٩٩ . ئەوانیش كەمیان بڵاوكراونەتەوە، لە داهاتودا لە دیوانێكدا چاپدەكرێن.

٥- قۆناغی پێنجەم، ئەو شیعرانەن لە ساڵی ٢٠٠٠ – ەوە دەستپێدەكات، واتە لە گەڕانەوەمەوە بۆ كوردستان تا كاتی چاپكردنیان. ئەوانیش هەندێكیان بڵاونەكراونەتەوە.

تێبینی : جگە لە شیعرەكانی ئەو پێنج قۆناغە، هەندێك شیعرم كراون بە سرود و گۆرانی لە گەڵ هەندێك پارچە شیعری تردا پەرش و بڵاوبونەتەوە، با بزانین چارەنوسی ئەوانیش كەی روناكی دەبینێت ؟

**مارف عومەر گوڵ**

**سلێمانی ٢ / ٨ / ٢٠١٥**

شاییەکی
نهێنی

مارف عومەر گوڵ

17



مارف عومەر گوڵ



# نیشتیمانی مێخەکبەندان

نازی شۆخیی هەستی خۆمم
لەناو پەڵەی هەورا جێهێشت
تا سبەینێ لەگەڵ ڕێژنەی بارانێکی بەهارییا
داباریێتە سەر ڕووی ماتی هەژارانی گوندی دڵم
گوڵەباغی مەمکی چیاش پێ بکەنێ
بە ڕووی پەلکی ڕێحانەیی جوانە کچی
ناوپەرێزی دەشتی تەمەن.
کچی شیعرم،
با دڵداری لەگەڵ کەسا نەکا ئەگەر
کوردستانی لەبیر چووبێ
کوڕانی مەش،
با ڕێحانەی پرچی کچان نەدەن لەسینگ
گەر شەهید و بەفرو چیاو هەتاوی سوور
نەبنە دێڕو ناونیشانی  ناسنامەیان.
کچانی مە،
با ملوانکەی دارستانی مێخەکبەندان
لەگەردن کەن،
ئەگەر کچێ ئەو ملوانکە فڕێ بدا
ئەی چۆن ئیتر،
نیشتیمانی عەتر و مێخەك جێناهێڵێ !

مارتی ١٩٧٨/بەغدا



# سەفەر

دونیا ساردەو سەفەرێکی دوورم هەیە
کزەی سەرما بەرچاو ئەگرێ
ئەبێ بڕۆم،دڵ هەمیشە پڕخۆزگەیە
ئەبێ بڕۆم،ئەزیزەکەم چاوەڕێمە
رێ ناخۆش و مەترسیش بێ
ئەبێ بڕۆم،
ئەزیزەکەم ساڵەهایە هیوای پێمە
بەحەسرەت وهەنسکەوە چاوی لێمە.
*
وا بەڕێوەم ،
هیوا هاوڕێی رێگەی دوورمە
ئاوی رێگە خوێنی سورمە
بەفرو هەوراز ماندوم ناکەن
تەنیایی و خەم دادم نادەن
وابەڕێوەم،
من هەڵگری کۆستی ئێوەم.

١٩٨٤/ سلێمانی



# نەکەی ...

دونیا جەنجاڵی هەزار ئاهەنگی شین و شەپۆڕە
نەکەویتە بەر قوڵپی گریانی
چرایەك هەڵکە بۆ سەفەری شەو
نەکەویتە بەر ئەستەمی ڕێگەی سەر کەندەڵانی
لەدوورییانی پێش خۆرهەڵاتا
دەزانم کام ڕێ بۆ ناو دڵ دەچێ
ڕێ گومکێ نەکەی لەمەبەستی گەش
نەوەك هاواری پاشگەزبونەوەم زوو بێتە سەر پێ.

١٩٨٥/٤
گوندی هەشەزینی



# خۆزگە

دەربــەدەر خـۆم لـەملاو لـەولا وێڵـی لانـەی بەختـەوەریم
لانــەوازو بـێ پەناگــە بـۆ تـروسکـەی شـادی دەژیـم
شـادی بۆتە بـەردی بن گـۆم ، یا نهێنـی زەمـانـە لێم
مـەلـەوانـی دەریـای خـەمم شــادی جـارێ نـایەتـە رێم
هـەر خـۆزگـەمە رۆژێ دابـێ ، تـۆزێ خـەفەت سـەر بـەر بدا
ئەوساکە دڵ شاگەشگە بێ و زەماوەندی خۆی ساز بکا .

١٩٨٧



# پایــز

لاڵ بم نەمزانی
پایز وا زوو دێ
ئازیزم لە پڕ لێ وە دوور دەخا
لاڵ بم نەمزانی ،
کوێستانی دڵم
هەوار کۆچ بکا ، بە کوڵ شین دەکا .
*
گەواڵە هەوران ،
لە سەر دوندو سوێ
لە سەری پڕ لە سەودام دەئاڵێن
گوڵاڵەو سوێسنەی
نواڵەی شاخان
بە بای پایزێ دەگەنە گەرمێن .
*

چاوی روناکم
بە هەوری خەفەت
گریانی بە کوڵ ، دادەبارێنێ
پەژارەو خۆشی
لە رووی یەکتردا
ئەم لە پەنادا ، ئەو دەتارێنێ .

*

لە دوای هەواران
خۆم دەمێنمەوە
کزەی پایزم لە روو دەئاڵێ
ئاسکە ماڵی یەکەی
عەشقی دێرینەم
وێڵ دەبێ و دەڕوا لە دووی لێو ئاڵێ .

١٩٨٧/٩ بناری قەندیل






مارف عومەر گوڵ

# به گژا چوونەوە

دوژمن سمی هێنایە سەر خاکی شیرین
زەمین لەرزی
دڵ راچەنی
پیشمەرگە بوو بە ئاگری تووڕەیی و قین .
دوژمن سمی هێنایە سەر بەردی چیا
شاخ تووڕە بوو
چەم تووڕە بوو
وشك هەڵگەڕا دارو درەخت ، گوڵ و گیا .
دوژمن سمی هێنایە سەر جۆگەلەو چەم
ئاو سەر شێت بوو
بوار وون بوو
بەردە بازێك نەما لە بەر چەکمەی ستەم .

١٩٨٧




# حەوانەوە

دەستە دەستە بە ڕێوە ،
چەند کەسێکمان بریندار
کە ڕۆیشتین سی کەس بووین ،
بیست وهەشتما ن ماینەوە
هەر چەندە سەرکەوتوو بووین ،
خوێن ڕێچکەی لە دوا بەستین
دوژمنمان بە دەر نابوو ، لە شەڕ دەگەڕاینەوە .
* * *
لە ڕێگە دووانی ترمان ،
بە شاخێکی بەرز سپارد
یەکی چوار ئەستێرەی سوور ، بە سەر نێو چەوانەوە
غەمباری چوار شەهیدو ،
دڵخۆشی سەرکەوتن بووین
گەڕاینەوە ئاوایی ، بۆ تۆزێ حەوانەوە .
* * *

تەپ و تۆزاوی و ماندوو ،
غەریب و نامۆ دیار بووم
ئیوارە دابەش کراین ، بەر ماڵی ئێوە کەوتم
نەمزانی بێمە ژووری ،
ئاشنای هەمووتانم
پێش ئەوەی چایی دەمکەن ، من لەپڕ وەدەر کەوتم .


١٩٨٧/٩



# سڵ نەکردن

شیعری ساوای چەند ساڵەی من
نە سڵ لە مەرگ دەکاتەوە
نە حەپە حەپی ناحەزان
شیعری ساوای چەند ساڵەی من
هەر پێ دەگرێ ،
تف دەکاتە چاوی دوژمن .

١٩٨٧



# خوێن

له هەر کویَ یەك سەر هەڵبڕی
گڵکۆی شەهید  د ێتە سەر پیَ
بە هەر ڕێگایەکدا بڕۆی
شەهید هاتوونەتە سەر ریَ  .
لە ئاستی هەر شەهیدێکا
ناوچەوان دەنێینە زەوی
لە ئاستی  هەر برینێکا
سەر دادەخەن  ،
شاخی بەرزو  گردی نەوی  .
دایکان چرای کوختەکانیان
پەنجەی سووری شەهیدانە
خوێن ،  بارانی  شەوو ڕۆژی
هەر چوار وەرزی  نیشتمانە  .

١٩٨٧/١٠/٢٥  بناری قەندیل




# کۆڵە پشت

دونیا تاریك و لێڵ بوو
کۆڵە پشتەکەی بەست و بەیانی پێش خۆرهەڵات
خانە خوێکەی بە جێ هێشت
بەرەو بنکەکەی ئەودیو ،لە ئاوایی وەدەرهات .
گیانی گەرم داهات و
خۆرەتاو نەیگرتەوە ،تا هەورازەکەی بڕی
لە سەر شاخ تۆزێ دانیشت
بۆ تاوێ حەسانەوە ، چاوی خەیاڵی فڕی .
لە پاڵ تاشە بەردێکا
نەك ئێستاکە دەمێکە ، بە خەیاڵ گەیشتۆتە جێ
کۆڵە پشت دەکاتەوە
یەك یەك دابەشیان دەکا ، نامەو دیاریی دووره رێ .
* * *

دەمم بە ویزەی گۆرانیی
دەڵی ی لە دایك بووە ، بەڕێوەیە بۆ مەنزڵ
ئاخۆ کەی دەگاتە جێ
کۆڵە پشتی فڕێ دا ، لە بیری کا دەردی دڵ .
شەوی لێ بە سەردا هات
تەمەنی پڕ هەورازە ، ترس لە شکۆی دەترسێ
تا سبەی دەگاتە جێ
لە دارو بەردی ڕێگا ، هەواڵی خۆر دەپرسێ .
سامی شەوی ئەو ڕێیە
مۆتەکەی ترس ولەرزە ،کە دێ یەخەی ئەم دەگریَ
سڵ لە هیچ ناکاتەوە
گوێ ناداتە ترسی شەو ،سام لە بەر پێیدا دەمرێ .

١٩٨٧/١١ بناری قەندیل





شاییەکی
نهێنی


مارف عومەر گوڵ

# ناسنامە

لە زمانی باڵدار ناگەم ،
بە ڵام ئەگەر هێلانەکەی لێ روخابێ .. حاڵیی دەبم
لە گریانی مناڵ ناگەم ،
بەڵام ئەگەر مەمکی دایکی بە یەکجاریی لێ بڕابێ ..
حاڵیی دەبم
لە هاژەی باو بۆران ناگەم
بەڵام ئەگەر بە سەر کولبەی ئاوارانا تێ بپەڕێ ..
حاڵیی دەبم
ئاخر چی بکەم ؟!
کە نینۆکم بە گژ پەنجەکانما دەچێ
کە ددانم لە دەم و لێو یاخی دەبێ
کە برژانگم بە ناو چاوما دەشکێتەوە
نازانم بۆ ، دادەنیشم دەستەو ئەژنۆ ؟!
ئیتر بۆمبا بارانی ئەم دڵەم مەکەن
با ئەستێرەی خۆشەویستیم
لە شەوی ساماڵ وگەشما ، لێ نەتۆرێ
قیبلە نومایەکم هەبێ ، لە دڵمایە
با رێگەی خۆم لێ نەگۆڕێ .
* * *

گەرمیانی بۆ باران تینووی  دڵمیان سووتاند
من نەمردم
کوێستانی بە هۆبەو هەوار راهاتوومیان  گڕ تێبەر دا
هەر نەمردم
کە یەکەم جار نیشتمانم لەت لەت کرا
ئەو رۆژە بۆ من نەمردم  ؟
یەکەم گوندی   وڵاتەکەم وێرانکرا
خۆزگە ئەو رۆژە دەمردم   !
بێ نیشتمان بچمە هەر کوێ
لە دوورەوە ، گشت پەنجەرەو دەرگایەکم لێ دادەخەن
ئاااخ   !!
نیوە شەو لە شیرین خەودا دەرم دەکەن .

١٩٨٧/١١
بناری قەندیل



# کرێوە

بە فری دوێنێ پەنجەی بردم
وا ئیمرۆکە کەوتوومەتە بەر کرێوە
پاڵتۆکەی من تەونی ماڵە هەژارێکە
لە رەشماڵی کۆچەر دەچێ .
کەوتوومەتە بەر هەرەشە
یا دەبێ روح بدەمە دەم چەقۆی دوژمن
یا دەبێ سەر لە داڵدەی بەفرو با دابێ !
وا گریانی کۆستی سەختم
لە بەر پێ دا بوو بە شەختە
بە سەر دەما کەوتن رووەو ئەوێم دەبا
یا دەبێ پاشگەز ببمەوە !
پێش کرێوە ،
گەڵای داری تەمەن بە سەر چەما دەرژێ
ئەوە خەمی ئەو رۆژەیە لە دایك بووم
وا ئێستاکە یەخەی گرتووم
یا سەرما گەرووی ئاوساندووم ؟!
ناوچەوانم کەوتۆتە بەر تیغێکی تیژ
توورە بوونم پاراستوومی ،
دڵ تەیرێکی باڵ شکاوە ، جێ خوێنی خۆی لێ ون نابێ.
*



ئێوارەم لێ بە سەردا دێ
هاژەی با دێ ، بایەکی سارد
بە دوای جووتە پێڵاوێکا دەکەومە گڕ
لە نیوەی ڕێ فرێی نەدەم
ترسم هەیە شەو بکەومە ژێر بەفرەوە !
تف لە دوژمن ،
کەی مرۆڤ بۆ کوێرەوەریی دروست بووە ؟!
ئێوارەم لێ بە سەردا دێ
خەمی سبەی ئەستۆم دەگرێ !
لە کوێ لادەم
من و سەرما ، دوو میوانی شەو ڕەوتەنین
بە یەکەوە دەچینە بەر ئاگردانی چەرە دووکەڵ
بە یەکەوەش شەق لە بەردی ڕێگا دەدەین .
ڕێگای ئەولا ، تەلدڕوە ، لوغم ڕێژە
ڕێگای ناوەند ، هەر بستێك و کەمینێکە
ڕێگای ئەملا ، خۆزگە ئەویش هەر نەبوایە
دوورە ،
سەختە ،
بەفرە ،



نە کراسێك ، کۆڵە پشتێك ، تاقمی تەراش
هەتا خۆشت لە خۆت بەڵای
کێ دەتوانێ رۆژی دژوار روو لەوێ کا
رۆژی وا تۆف ، باران بە سەر کرێوەدا رێ ون دەکا
بۆ کوێ بچم ؟!
دوژمن خۆش بێ ! هەر ئاسنمان لێ دەبارێ !
*
هەواڵێکم بۆ ئێوە نارد :
((چاوم گەردی خەمی دووری تێکی داوە ! ))
نە هەواڵبەر گەڕایەوە ، نە وەڵامێکیش هاتەوە
رێگەم هەرد بێ ، وا رەشاباکەی جارانم لێ هەڵدەکا
ئەگەر چەم بێ ، چەمێکی شێت ڕێم لێ دەگرێ
پردێکم بۆ هەڵنابەسترێ
سەرما ئەژنۆی خستوومەتە ترس و لەرزێك
یا بە پێوە دەبێ بمرم
یاخود دەبێ دەستەو ئەژنۆ بشکێمەوە !
نیشتمانێکم نەدیوە ،بێ دوژمن بێ
دوژمنی من .. لە هاوینا دەمسووتێنێ
لە زستانا تینی گەرمم لێ دەکاتە دوکەڵێکی ژەهر گرتوو
دەبێ لە بەر کرێوەدا
لەتر بدەم ، دەست بنێمە بەرباخەڵم
چاوی وەنەوز بمباتە بەر ئاگردانی حەسانەوە .

*



چەند رۆژێکە دەمەو بەیان بای بارانێك رووم تێ دەکا
ئێمڕۆکە زوو ، هێشتا شەختەی ڕێ نەشکابوو
ملۆزمی بایەکی دی یەخەی گرتم !
دیسانەوە ، کڕێوە لێم دەکەوێتە هەڕەشەی خۆی
بێمە دەرێ ، دەبێ سەر بنێمە بن باڵ
لە ژوورەوەش ، لە پشت دەرگاو پەنجەرەوە
دەنگی سەگوەڕ ،
ئەوەند هەراسانم دەکا ، لێم مەپرسن !
زۆر دەترسم لەگەڵ هاژەی ئەو بایەدا
هەواڵێکی ناساز بێت و یەخەم بگرێ
تەم لە لوتکەی شاخەوە دێ ، دەنیشێتە دۆڵ و قەدپاڵ
هێرشی هەور بۆ ئاسمانی خەیاڵ دەجمێ
بەرچاو ئیتر تاریك دەبێ
خۆزگە هەتاکو دەمردم هەر بارانم لێ دەباری
نەبا سەرما پەکم بخات !
* * *
سەرما بەدەردێکی بردووم ،
مەگەر ئەو ساردە پایزەی کەرکووك ئاوا پەرێشانی کردبێتم
ئەو رۆژەی وا ،
لە لێواری چەمی خاسە چاوەڕێ بووم
ووتم گەر بێ ، ئیتر عەشقی ئەوم بەسە ،
ئەو هەر نەهات !
پۆلیسێك لێم کەوتە مۆرەو دەری کردم !
سەردەمێکە ، رەشەبا وا هەڵیداوم !



داری رووتاوەی پایزم ،
یا تاشە بەردی سەر ڕێگە ؟!
لوتکەی بەرزی بەفر گرتووم
یا گردۆڵکەی وشك و رووتەن ؟!
گۆچانی دەست دەسەڵاتی زوڵم و زۆرم
یا سەگی کوچەو کۆڵانان ؟!
کەلەشی سەر کۆتەی قەساب
یا مەڕی بەر گەلە گورگم ؟!
دوژمنی هار دێتە سەرم
دەبێ هەتا دوا هەناسە
بگەڕێم بۆ : لانەی ئارام و هێمنی ی
بۆ هەمیشە کەوتوومەتە بەر کرێوە ؟
ئەی کەی گۆنای بەختەوەریی تێر هەڵمژم ؟!

١١ و ١٢ / ١٩٨٧ بناری قەندیل




# کۆڕاڵی ئەوین

**کچێك و کوڕێك (پێکەوە) :**

لە کوێوە بێین ؟
بە قەد پاڵی ڕێی مەرام دا ڕنووە بەفرە
ڕێی دامێنیش لیتەی دەگاتە سەر ئەژنۆ
بوار ئەگەر دڵ نەبێتە بەردە بازی
عومری جوانیی دادەنیشین دەستەو ئەژنۆ .

**کۆرس :**

بێ حەسرەت و ئاخ و خۆزگە کەس ناگاتە
کۆڕی گەرمی ڕەشبە ڵەکی بەختەوەریی
بێ فرمێسکی پەرێشانیی کەس ناگاتە
سەمای عەشقی بە هەشتی ژینی سەروەریی .
بە دەم ڕێوە ،
مەلی خۆزگە دەچێتە سەر باخی شادی
خونچەی دەروون دەگاتە بەر بای ئازادی
بە دەم ڕێوە ،
شنەی ئارام تۆزی خەفەت دەسڕێتەوە
گرێی بوخچەی ڕازو نیاز دەکرێتەوە .



**کچێك و کوڕێك (پێکەوە) :**

ئێمە کەی بێین ؟
هەتا لەوێ دەستی ئەوینی عاشقان
تێکەڵ بەیەك ، کەمەربەندی دەور ئاهەنگ بێ
لێك بئاڵێ ، پەنجەی ئاڵی خەنەبەندان
چریکەی سۆز ، بەستەی دونیای شۆخ و شەنگ بێ .

**کۆرس :**

ئەگەر رۆژگار پایزێکی به ئازار بوو
بکەونە رێ ، با زستانتان لێ دانەکا
ئەگەر دونیا بە وەیشوومەو کرێوە بوو
پشت لە باکەن تا زریان سەرتان دانەخا .
ئەو رۆژانەی ،
ئێوە گۆرانی ی ئەوینتان ، هەڵهەڵە یە
باوەشی خواست و موورادان ، ئاواڵەیە
ئەو رۆژانەی ،
چرۆی ئومێد چاوەڕوانی خۆرهەڵاتە
برژانگی چاو پەرژینی باخی ئاواتە .

١٩٨٨/١



# چرای بەر زریان


خۆ دەدەینە دەم هەورەوە .. داناباریٚ
خۆ دەدەینە دەم بەفرەوە ،
هەزار پلە گەرما دەچێتە ژێر سفر !
زریانەکەی بێ ئامانە ،
چرای هیوا دەورەی نەدەین ، دەکوژێتەوە
ئیمشەو ئەگەر خۆش کاتەوەو ، نەکاتەوە
سبەی دەبێ بەڕێ کەوین
دەمەو بەهار ،
یاخود ئێمە دەگەینە جێ
یا قەل و داڵ بەم دەورەوەن !

١٩٨٨/١ گوندی دزڵی



# ڕەشبەڵەک!

تاوێرە هەورازی ئەو لوتکە هەر بەفرە
دامێنیش دار بەڕووی رووتەڵەی پیرە ساڵ
بەرەو خوار چناری رووتاوەی بەژن بەرز
بای تووڕەی سەرچیا ئەو ناوەی کردبۆ تەمێکی سپی و لێڵ
هەتاویش لەودیوی هەورەوە ، دەهات و نەدەهات
تۆپ باران ئەو خاکەی دادەگرت
سەوقەت و پاداشتی ئەو بەفرە هەر مەرگە
کەس نەبوو سەرکەوێ !
(( بێ تەل )) ی ئێوارەش رایگەیاند :
وا دیسان دوژمن بۆ چیا دێ
دامێنی بنکەکەی ئەو دیو شاخ ئۆردووە
پشتیشی بەفرێکی ئەستووری نووستووە !
لە کوێوە سەرکەوین ؟
بە کوێدا رێگەیەك هەڵبەستین بگەینە هاوڕێیان
زامدارێك لەو دیوە ،



چەند رۆژە برینی ناوشانی بووە بە کانیاوی خوێنی سارد
کێ زامدار سەردەخا بۆ ئەمدیو ؟!
کام دکتۆر دەبێتە فریشتەی تیماری ئەو شانە زامدارە ؟!
دەستەیەك پێشمەرگە ، ئامادەو لە سەرپێ
هەرنان و فیشەك بوو تۆیشووی رێ
پێڵاوی لاستیکی ، قەیتاندار ، بێ قەیتان
پەنجەی پێ ی لە ناوا تەزیبوو
قەمسەڵەی موشەمما ، خشەخش
تاقم و رەختی داپۆشیبوو !
خەفەتی ئەمجارە ،
زوخاڵی قەترانیی دەور کوانووی ئاو پێدا رژاوی ،
وێرانەی هەژارو رووتەیە.
خەفەتی ئەمجارە ،
رەشماری ترسێکی بە سامە ،بە دەوری هەنگاوی ئێمەدا
خەفەتی ئەمجارە ،
داوی سەر گەردنی پەڕندەی ئاوات و خۆزگەیە .
ئەمجارە رەشبەڵەك
یا شایی وئاهەنگی سەر تەرمی دوژمنە
یا کۆڕی لاوکی سەر جەستەی شەهیدە



یا ئاخی حەیرانی عاشقی سەد جێ دڵ ، ئەنجنە .
چەناگە دەنێینە سەر بەفر ، دادەچێ
کەڵکەژنۆ دەنێینە سەر تاوێر ،
ژانێکی دەم چەقۆ ، قاچ دەبڕێ
سەیری هەرلایەك کەین ، ئاسکی چاو
بە هەڵپە رادەکا ،
لە هەردەی بژوێنی بەهارا ، دەچێتە سەر کانیی ئاوتێزاو
ئەمجارە ، یا مردن
یا ئە ستۆی دوژمنان وورد کردن .

دزلی ۲ /۱۹۸۸



## ئافرەتێکی قژ خەناوی

ئافرەتێکی قژ خەناوی ،
توورە بووایە
روبارێکی بە هەڵمەت بوو
زەلم لە هاژەو هوروژمی شەپۆلی خۆی نیگەران بوو
بێدەنگ بوایە ،
سیروانی مەنگ تك تك شەرمی لێ دەباری
ئافرەتێکی قژ خەناوی
هێواش ، هێواش نینۆکیان کرد ،
دەنگمان نەکرد !
بێ نینۆك بوو ، وتیان پەنجەی با نەمێنێ ،
رازیانەی ئەو پرچە جوانەی لە ژێر چەقۆیەکی کول دا ،
کەوتە زەوی !
ئافرەتێکی قژ خەناوی ،
ئافرەت نەبوو ، هەڵەبجە بوو
شارێك نەبوو ، وڵاتێ بوو
نیشتمانی چاوی قەشەنگ ، ئاوازی کەو
دەنگی بولبول ، شیعری لوتکە
دەستمان بشکێ ، چاومان کوێر بێ

خستمانە ژێر پۆستاڵەوە ،
پۆستاڵی ڕەش هەر پۆستاڵە
ئەم مێژووەش سیا ساڵە !
* * *
دوێنێ وتمان ، هەورامانمان بریندارە
دەستمان بشکێ ، چاومان کوێر بێ
وا ژمارەی شەهیدانمان پێنج هەزارە !
برین هەیە ، ئەوەندە قووڵ و خوێناوی
مێژوو هەیە ، ئەوەندە هەڵەو داماوی !
دوێنێ : ( یاللّا بسع هویتك )
ئیمڕۆ : ( ئاغا بەرگە داری ! )
دوێنێ فرمێسکی ژێر دەستی
ئیمڕۆ ئاخی شەرمە زاریی
دەستمان بشکێ ، چاومان کوێر بێ
پۆستاڵی ڕەش هەر پۆستاڵە
ئەم میژووەش سیا ساڵە !
* * *
جاران سروود لە هەورامان قەدەغە بوو
ئێستا ئەوەی گۆرانیشی تێدا بڵێ ، زاری دەبڕن
جاران شیعری ئەحمەد موختار قەدەغە بوو
ئێستا ئەوەی بچێتە سەر گۆڕی شیعری تاوە گۆزی ،
قاچی دەبڕن
جاران -دەمی راپەڕین – ی (گۆران ) یش
هەر قەدەغە بوو



ئێستا شۆخێ ، لە «درزی پەچە»شەوە بێ ،
هەر تۆسقاڵێ سەر هەڵبڕێ ، دەنگی دەرچێ ،
سەری دەبڕن !
ئەگەر دەستێ بازنگێکی تێدا بووبێ ، بڕیویانە
ئەگەر دڵێ خۆشەویستیی هەورامانی تێدا بووبێ ،
کڕیویانە
دەستمان بشکێ ، چاومان کوێر بێ
پۆستاڵی ڕەش هەر پۆستاڵە
دوژمن ئەگەر هەر کەسێ بێ ، خوێنی تاڵە !

٦ /١٩٨٨ بناری قەندیل



# شاییەکی نهێنی !

**بۆ بوکێکی مهابادی**

هەڵمە پەڕن !
دیوار ،
دەنگ دەدزێ
هەوا ،
دەنگ دەدزێ
دەرگا لە سەر خۆتان داخەن
پەڕۆ بنێن بە پەنجەرەو بە دەرگاوە
پەڕۆ بنێن بە بنمیچ و بەر هەواوە
با لە سەدای دەنگی یەکدا ، کەڕو کاس بن
چەپڵەو گۆرانی و پێکەنین
هەر دۆزەخن بۆ سەر زەمین !
* *

که بارانی خوێن دەباری
کەس چاوەڕێی بەهارێکی ڕەشپۆش نەبوو
که لافاوی خوێن ڕێی دەگرت
کەس چاوەڕێی تەمەنێکی خەمپۆش نەبوو
یاسای تازە ، سەرەو خوارە
هەر سینگ کوتان دیاری دەستی ڕاپەڕینی ئەم چەرخە بوو !
* *

- بووکێ خانم ،
بۆ ئەم شووەت هەڵگرتووە بۆ زەمانی وشك و قاقڕ ؟
- جاران تازە نەمامێك بووم ،
گەڵای پرچم دەدایە بەر بای بەهاران
خەونی خۆشیم لێ دەئاڵا
کێ دەیزانی ، خەونم دەبێتە مۆتەکە ؟!
کێ دەیزانی ،
پرچم دەبڕن ، عەبایەکی زوخاڵیم بە سەردا دەدەن؟!
خۆم هەڵنەگرت بۆ زەمانێك درۆ یاساو دەسەڵات بێ
خۆم هەڵنەگرت بۆ زەمانێك ، گریان و شین پڕ وڵات بێ
زوو نەمزانی دەمی چەقۆ
لە ڕۆژێکا هەزاران جار
بۆ گەردنی خەڵکی ڕاستگۆ
لە کالانی نامەردەوە ، لێم دێتە گۆ !
* *



ئەم وڵاتە ،
کاروانسەرای فیرعەونەکانی زەمانە
هەر لە دایکبوونەوە تا ڕۆژی مردن
بارانبڕان ، وەرزی قیژەو
شەڕگەی مەرگ و سینگ کوتانە
کێ شوو بکا ، بە ڕەشپۆشی
بە چپە چپ دەیکەن بە بووك
کێ ژن بێنێ ،
خێرا سەری پاك دەتاشن ،
بووکە خانی پێ دەسپێرن !

٢٥ / ٧ / ١٩٨٨ مهاباد

## پێڕستی هۆنراوەکان


پێشەکیەکی کۆن و نوێ ........................ ٥
نیشتیمانی مێخەکبەندان.................... ٢٠
سەفەر........................................... ٢٢
نەکەی ... ...................................... ٢٤
خۆزگە........................................... ٢٦
پایز............................................. ٢٨
بە گڕا چوونەوە ............................ ٣١
حەوانەوە........................................ ٣٣
سڵ نەکردن................................... ٣٦
خوێن........................................... ٣٨
کۆڵە پشت.................................... ٤٠
ناسنامە......................................... ٤٣
کرێوە........................................... ٤٦
کۆڕاڵی ئەوین.............................. ٥٦
چرای بەر زریان............................. ٦٠
ڕەشبەڵەك!.................................... ٦٢
ئافرەتێکی قژ خەناوی........................ ٦٨
شاییەکی نهێنی ! ............................ ٧٣

# شاییەکی
# نهێنی !

# şayekî nhênî

marif omer gul

honrawe

slêmanî - 2015



لە بڵاوكراوەكانی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان - 2015
لەسەر ئەركی د. تەها ڕەسوڵ چاپكراوە